# خەزێنەی گۆرانییەکانی جەمیل نەوسوودی

دارا محەمەد عوسمان هەورامی
(سلێمانی)

( ١- ٢ )

## کەسێتی جەمیل نەوسوودی

**هونەرمەند جەمیل نەوسوودی (١٩٤٦-٢٠٢٤/٣/٤ ز)**

جەمیل ئەحمەدی کوڕی عەبدوڵڵا، لە بەهاری ١٩٤٦ لە دێی (قەڵاگا)ی سەر بە شارۆچکەی نەوسوود هاتووەتە دنیاوە. پاش ماوەیەک باوکی کۆچی دوایی کردووە، دوایی دایکی هونەرمەند دەچێتە نەوسوود و لەوێ جێگیر دەبێت، لەگەڵ خانەوادەکەیدا ژیان بەسەردەبات، بۆیە ناوە هونەرییەکەی بە جەمیل نەوسوودی ڕۆیشتووە.

سەدا و ناڵە و چریکەی سیاوچەمانەکانی، هەوێنی ئیلهامبەخشی ژیان بوون، بۆیە لە دەستووری سیاوچەمانەدا، هونەرمەند نەوسوودی یەکێک لە بناغە داڕێژەرانی سیاوچەمانە بووە، سەرەڕای ئەم هەنگاوە مێژووییەی، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە زۆر ئارام و هێمن بووە، خزمەتگوزاری داڵانی و شرام و شاهۆ ئاوێزانی بوون. لەگەڵ هونەرمەندان دۆست و برا و هاوکاریان بووە. لە هەورامان نوێنەری سیاوچەمانەچڕان بووە، بە ئاوازی بەرزەچڕی سیاوچەمانەی (پێچپێچاو ڕاو هەزارانی) توانی خزمەتی هونەریی گەورە بکات، بۆیە هەر مرۆڤێک گوێی بۆ ئاوازەکانی شل دەکرد، دەنگی جەمیل نەوسوودی ئارام بەخشی دڵ و دەروونەکان بوو.

جەمیل نەوسوودی بووژێنەرەوەی هەموو بەزمە جۆربەجۆرەکانی ڕیتمە خێراکان بووە، وەک (ئای بەلەنجە گیان، ڕێحان تۆ خەڵکی بەردەزەردی، خوایە کەریم بەهام دەردی)، ئەمانە و چەندان ئاوازی تری بەرهەم هێنا، نوێنەری هونەرمەندانی ڕاستییەکان، بە ڕاستگۆیی و زەریفی، یەک لە دوای یەک تەواوکەری ئاوازەکان بووە. چەندان جار گوێم بۆ ئاوازی سیاوچەمانەی (مینا وەی)، بە دەنگی ڕەسەنی فرە زوڵاڵ گرتووە. وشە و ڕستەکانی لە جێی خۆیان دادەنان، کە ئەوەش لە گۆرانی چڕیندا زانست و زانیاریی پێویستی دەوێت، هەرکاتێک گوێم لە دەستەواژەکان دەبێت بیر و هزرم بە شیعری برگە ئاشنا دەبێت.

کاتێک ئاوازەکان بە سادەیی و بە تەکنیکێکی ئاسان کە ڕووکەش نین، لە دیدگەی خۆمەوە بەرهەمێکی نوێ دەبینم. کاریگەریی هونەری وردە

بەزم، جیهانبینییەکی بەرەوپێشچوو و بەسەرکەوتوو دەستەبەر دەکات و ئاوازەکان جێگیر دەبن، هەروەک پێشتر باسم لێوەکردن.

هونەری جەمیل نەوسوودی ڕەسەنایەتی دەنوێنێ و بە تۆکمەیی هەنگاو بەرەو دوندی (شاهۆ) و هەواری ئازادی ئاوازەکان دادەڕێژن، ئێمە لە باسی هونەری ئەم هونەرمەندە گەورەیەدا بەردەوام دەبین، گوێ بۆ هونەری بەرزی ڕادەگرین، چونکە هونەرەکەی سەرچاوەیە و بووەتە کانیاوێک بۆ هونەرمەندان و بەردەوام لێی دەخۆنەوە.

ئاواز و گۆرانییەکانی لەگەڵ زانستی موزیکدا ئاوێزانی یەکتر دەبن، لە سەردەمی گەنجێتیدا، ئەم مرۆڤە مەزنە لە ڕادیۆکانی (مەریوان و کرماشان)، بە هاوکاری برایانی کەیمنەیی، چەندان ئاوازیان بۆ تۆمار کردووە، ئەو بەرهەمانە هەر هەموویان زۆر پڕ چێژ بوون، چونکە موزیک لەگەڵ ئاوازەکاندا تێکەڵ دەبوو.

لە هەورامان ستایلی عوسمان کەیمنەیی و جەمیل نەوسوودی لە گیانێکدا بوون، ڕاستیان فەرمووە کە دەڵێن: هەورامان زێدزادەی ئاوازی بەرزەچڕی سیاوچەمانەیە، (جەمیل نەوسوودی و لالۆ عوسمان کەیمنەیی و حەمەحسێن کەیمنەیی) بەرهەمهێنەری ئەم ئاوازانەن.

ئاوازی (مینا وەی) کە زۆر لە ئاوازە بەرزەچڕەکانی ئەم هونەرمەندەوە نزیکە، بە دەنگی بوێر و بە لەرینەوەی قورگی، بەگونجاندنی لەگەڵ موزیکی تەقسیمدا، شایانی ڕێز و لەسەر وەستانن، هەروەها چێژی ئاوازەکان زێدزادەی جوگرافیای هەورامانە، هەموو ئاوازەکانی زۆر بە ئاسانی سەدای سەمفۆنیی بەرزی لە گەرووی ئەم هونەرمەندەدا دیاری کردووە.

تواناییەکانی لالۆ جەمیل نەوسوودی، هەر بە سیاوچەمانەوە نابڕێنەوە، بەڵکوو ئاواز و موزیک لەگەڵ وردە بەزم و بەزمی خاودا تێکەڵ دەبن،



**جەمیل نەوسوودی**

وەک لە ئاوازی خاوی (مەلە سەرشین) لووتکەی هەرە بەرزی ئاوازەکانیدا دەبینین. ئەم هونەرمەندە خزمەتی زۆری بە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی هەورامان کردووە، هەرچەندە خوێندەوار نەبوو، بەڵام چڕینی ئاوازەکان، شێوازی ئەکادیمییان وەرگرتووە، چونکە هەوای پاک، قورگی خاوێن و توانایی زۆری بەم هونەرمەندە بەخشیوە.

دەتوانم بڵێم: هەر یەکێک لەو ئاوازانە گەشتێکی دەڤەرە جیاجیاکانی کوردستان و ناساندنی جوگرافیاکەیەتی، بۆیە هونەری ئاواز و گۆرانی پارێزەری خاک و ئاو و گڵەکەیەتی، هونەرمەندانیش بەرگریکەری تەواوی وڵاتی ئاریانڤاچەکان و میراتگری ئاوازی ئەم هونەرە پڕ بەهایە و مایەی هێشتنەوەی مێژوو و زمان و ئەدەبەکەیەتی، ژینگەی هەورامان بۆ هونەرمەندان زۆر بە چاکی لواوە، چونکە ئاووهەوای خاوێن هۆکاری هێشتنەوەی ئاوازەکانیانە.

جەمیل نەوسوودی تا لە ژیاندا بوو، زۆر بە جوانی ئاوازی دەچڕی، بۆیە ئاشنایانی دەنگی ئەم هونەرمەندە گەورەیە، تا ژیان بەردەوام بێت،

هـەر بـە نەمـری دەمێنێتـەوە، چونکـە هەرکەسـێک گوێـی لـێ گرتبێـت لەبەرچـاوی نەدەکـەوت، بگـرە هەوڵـی دەدا زیاتـر ئاشـنا و هاوڕێـی گیانـی بـە گیانیـی لالـۆ جەمیـل نەوسـوودی بێـت.

لـە سـەروبەندی شـەڕی عێـراق - ئێـران و دوورکەوتنـەوەی هونەرمەنـدان لـە زێـد و ماوایـان، ئـەم بـە دەنگـە شـیرینەکەی، بـە لاواندنـەوە و لایەلایەکـەی، ئەوەنـدەی تـر هونەرمەندانـی لـە یەکتـر نزیـک دەکـردەوە، ئـەو لـە ئاوازێـک و بـە دێـڕە شـیعرێک دەڵێـت:

**ئارۆ رام کەوتە کەلی ئەشکەهۆڵ**

**من چاگە زانام هەڵەبجە بی چۆڵ**

ئـەم دێـڕە هۆنراوەیـە ئەوەمـان بـۆ دەسـەلمێنێت کـە هونەرمەنـد نیشـتمانی خـۆی خـۆش دەوێـت، ئەگەرچـی داگیرکـەران هەوڵیـان داوە زێدزادەکـەی وێـران بکـەن، بـەڵام هونەرمەنـدان بـە سـەدا و ئـاوازی پـڕ جۆشـیان و بـە شـیعری بەرزیـان ئـەو بـوارە نالەبارەیـان بـە شـێوازێکی ئەدەبـی زۆر بـەرز و ئـەدای جوانیـان، بەرپەرچـی ئـەو سـتەمەیان داوەتـەوە، هەروەهـا شـیعری شـاعیرانی هەورامانـی هێنـاوە و زۆر بـە جوانـی ئـاوازی بـۆ دانـاون و شـیعر و ئاوازەکانـی دەسـتلەملانێی یەکتـری کـردوون، چونکـە هونـەر چەکـی بەرگرییـە، هونـەر بـە تایبەتی هونـەری ئـاواز و گۆرانـی شـۆڕشـی سـپین، بۆیـە هـەردەم هونـەر بـە دەنگـی کەڵـە هونەرمەنـدەکان، قەڵغانـی پارێـزی وڵات بـووە، چونکـە دژی چەوساندنەوە و داگیرکارییـە. هونـەری لالـۆ جەمیـل نەوسـوودی زۆر بـە جوانـی و سـەرکەوتوویی ئـەو کەلێنـەی پڕکردووەتـەوە، هەرکەسـێک گـوێ بـۆ ئـەو جـۆرە هونەرمەندانـە بگرێـت هەمیشـە ورە بـەرز بـووە.

وەک پێشـتر گوتمـان، هونەرمەنـد جەمیـل نەوسـوودی خوێنـدەواری نەبـوو، بـەڵام دەسـکەوتی زۆری بـۆ هونەرەکـەی بەدەسـت هێنـاوە، کـە گەورەتـر و بەرچاوتـرە لـە هیـی زۆرینـەی هونەرمەنـدان، ئـەو هونەرمەندانـەی کـە زۆر لێـوەی نزیکبـوون، خەمڕەوێنـی بـوون و دەردەدڵـی خـۆی بـۆ بـاس کـردوون.

لـە بـواری هونەریـدا دەیـان سـاڵە توانیویەتـی قوتابخانەیەکـی هونەریـی بـەرز بـۆ وڵات دروست بکات و لـە ڕێگـەی هونەرەکەیـەوە جێگـەی خـۆی بکاتـەوە، دیـارە ئـەوەش مایـەی شـانازییە بـۆ هەمـووان، ئـەو لـە ڕێگـەی هونەرەکەیـەوە زیاتـر ناسـرا، زیاتـر بایەخـی بـە بـواری داهێنـان داوە و چەنـدان ئـاوازی داهێنـراوی خـۆی هەیـە، کـە مایـەی خۆشـحاڵی و ڕەزامەندییـە بـۆ هەمـووان.

گۆرانـی و داهێنانـی ئـاواز کارێکـی زۆر ئاسـان نییـە، تـا ئاوازێـک دێتـە بەرهـەم، ئـەرک و ماندووبوونـی زۆری دەوێـت، بـەڵام بۆ هونەرمەندی شـارەزا ئـەو کارە فـرە زۆر بـە ئاسـانی دێتـە دەسـت، لـە کاتێکـدا ئـەم هونەرمەنـدە زیاتـر ئاوازی سیاوچەمانەی دەچڕی، دەتوانـم بڵێـم لـەو بـوارەدا قوتابخانەیەکـی هونەریـی بـەرزە.

دەپرسـین ئایـا هونەرمەنـد جەمیـل نەوسـوودی هـەر لـە بـواری سـیاوچەمانەدا سـەرکەوتوو بـوو، یـان لـە هەمـوو بوارەکانـی هونـەری ئـاواز و گۆرانیـدا سـەرکەوتووە؟

هونەرمەنـدی ناوبـراو هـەروەک کـەوی سـەر لووتکـەی (دەرە هـەرات) دەیچریکانـد، هەمـوو تـۆن و جۆرەکانـی دەنـگ لـە گەروویـدا هەبـوون، واتـا تووشـی هەناسـەبڕکێ نەدەهـات، لـە کاتـی چڕینـی هـەر ئاوازێکدا چ بـە شـیعرەکە، یـان ئاوازەکـە، یان بەیتـەکان، زۆر بـە کارامەیـی و بـە شـێوازێکی هێمنانـە هەمـوو ئاوازەکانـی دەچڕی و مافـی خۆیانـی دەدانـێ، هەروەهـا لـە چڕینـی گۆرانیـدا یارمەتیـی هونەرمەندانی تریشـی داوە، ئـەو شـیعرە فۆلکلۆرییانـەی بـۆ

ئاوازەکانی هەڵدەبژاردن و ئاوێزانی یەکتری دەکردن، واتە چوونیەک دەسەڵاتی بەسەر هەموو بوارەکاندا دەشکا و لەیەک تای تەرازوودا یەکسانی دەکردن.

**قاژە سیاوەکێ مەقیژنا دەربەن**
**رابەندیشانە بلاوە وەتەن**
**ئاخۆم سالێوتەر دەورانو کێ بۆ؟**
**کێ نیشۆ وەشاد، کێ رەنجەڕۆ بۆ؟**

ئەم هونەرمەندە ئێستا (حەوزەلارە) بووەتە ئارامگەی هەتاهەتایی، ڕاستە هەموو کەسێک دەمرێت، بەڵام هێشتا زوو بوو بۆ (لالۆ جەمیل نەوسوودی)، چونکە تا هونەرمەندێک هەڵدەکەوێت، بێگومان کاتی زۆر دەوێت، پەیداکردنی کەرەستەی هونەری ئەرک و ماندووبوونی دەوێت، بەڵام کەرەستەی تر زۆروزەوەندەن. هەموو زانکۆکانی جیهان دەتوانن دەیان زانا لە بوارە جیاجیاکانی زانست و زانیاریدا بەرهەم بهێنن، بەڵام ناتوانن هونەرمەندێک بهێننە کایەوە و دروستی بکەن، هێنانە کایەی هونەرمەند کارێکی سانا نییە، بەدەستهێنانی کەرەستەی بیناسازی زۆر ئاسانە، بەڵام هونەرمەند خۆڕسکە، بۆیە سامانی نەتەوەیی هونەرە، نەک کەرەستەی جۆراوجۆر، لێرەوە پێویستە کۆمەڵگە زیاتر بایەخ بە لایەنی مەعنەوی و ڕۆحی و واتایی بدەن، نەوەک لایەنی ماددی.

ڕاستە هونەر و ئاوازی گۆرانی گەنجینەی لەبن نەهاتووی گەلانی جۆربەجۆری ئەم جیهانەن، بەڵام تا بەرهەمێکی هونەری دێتە کایەوە، هەزاران و سەدان بینا و تاوەر زۆر بە ئاسانی دروست دەکرێن و بەرزدەکرێنەوە، ئەوە بە واتای ئەوەیە کاری هونەری گرانە، لە کاتێکدا بەرهەمهێنانی سەرمایەی ماددی زۆر ئاسانە، بۆیە پێویستە هونەرمەند تا لە ژیاندایە کاری باشی بۆ بکرێ، نەوەک دوای کۆچی دوایی شین و شەپۆڕی بۆ بکەین، بۆیە حەق وایە کارێکی وا بکرێت، هونەرمەند ئاسوودە بکرێت، نەک ژیانی کولەمەرگی بژی کە ئێستا لە وڵاتدا پەیڕەو دەکرێت، جێی خۆیەتی بۆ ئەو هونەرمەندانەی لە ژیاندان کارێک بکەین، ناویشیان کوێرنەکرێتەوە و لەناو جەماوەردا ناویان بە زیندوویی بمێنێتەوە.

ئەوەی ڕاستی بێت، تا ئێستا هیچ کارێک بۆ هونەرمەندانی هەورامان نەکراوە کە شایانی باسکردن بێت، بە مردوویی پەیکەری بۆ بکرێت وەک داهۆڵی ناو بێستان وایە کە ڕەوە چۆلەکەیەک سڵی لێ بکەنەوە، هونەرمەند تا لە ژیاندایە پاداشتی بدرێتەوە و ژیانی خۆشی بۆ فەراهەم بکرێت، نەک کە مرد بەسەریدا بلاوێننەوە و پێداهەڵدەن، کە ئەمە ناچێتە خانەی مێژووی نووسراوەوە، بگرە ئەویش شنەبایەک دەبیات و وەک گیای پووشپەڕە وایە.

لە گۆڤاری مەهاباد-دا ئاماژە بەوە کراوە: خۆ ئەگەر پاکانەکردن ڕەوا بێت، جێی خۆیەتی پاکانەیش بۆ خۆمان بکەین، ئیتر کە جەرگیش نەبوو، سیپەلاک هەر ئەوەندەی بۆ دەکرێت. با خۆیشت ماندوو بکەیت، کاتێک ئاڵات نەشەکێتەوە، دیارە ماندوویت ناحەسێتەوە. ئازیزانی خوێندەواری بەرەی داهاتووی وڵاتەکەم! ئەگەر بە نووسراو کەممان هەیە، زۆرمان لە سنگدا بووە و ئێستایش هەمانە و نەفەوتاون، هەرچەندە زۆریشمان لە دەستبووەتەوە، کورد گوتەنی: (ئەوەی مێرووله کۆی کرد بەساڵێک، وشتر لێسی دا هەر بە قەپاڵێک).

مردنی جەمیل نەوسوودی، زیانێکی گەورە بوو لە میللەتەکەمان کەوت، ئێمەی هەورامانشین، یان بە دەربڕینێکی دی زاگرۆسنشین، خەسارەتێکی زۆرمان بەرکەوتووە، لەلایەک نەبوونی کۆکەرەوەیەکی

هونـەری، لەلایەکـی دیکـەوە نەبوونـی توێژینـەوەی مەیدانـی، ئەمانـە و چەنـد هۆیەکـی دیکـە وایـان کـردووە، چەنـدان بەرهەمـی هونـەری و فەرهەنگیـی هەورامـان، وەک: قەرانپـووەکان، پووشـی سـوورە هەراڵـە ڕەنگـە سـوورەکەی لـە ڕەنگـی سـوورەوە بـۆ ڕەنگـی ڕەش بگۆڕێـت.

هونەرمەنـد جەمیـل نەوسـوودی تـا خـۆی مابـوو نەتوانـرا بـە تێروتەسـەلی ڕەنگـی، یـان ڕەنجـی خـۆی ببینێـت. لـە هەمـوو باخەکانـی نەوسـوود و دزاوەر و تەوێڵـە، دەنـگ و سـەدای جەمیـل نەوسـوودی بـە بـێ تۆمـار تـا ئێستایشـی لەگـەڵ بێـت هـەر دەنگـی ئانـا بارشـکەرد، ئانـا تـۆ لـوای، ئانـە چگوبیینـی، بۆنـی عەرعـەری شنەبای ئارەقـەی وشـک دەکەنـەوە.

**هەوای بانی سەر شنەی ئاوێسەر**

**یارم مێمانا دڵەکەم داش خەبەر**

گۆرانیـی خـاو و گۆرانیـی چەپڵـە و ئـاوازی بەرزەچـڕی سـیاوچەمانە لـە ئاوێسـەر و شـاهۆ و قـەڵا و سۆنی و پـلاو قەڵامسـێنی لەنـاو گوراڵـە و بووژانـە و چنـوور و لـۆ و کەمـا و بەرزەڵنـگ، لـە دامێنـی مـەڕە و گاوا و دەرەومـەڕێ و هانەودنـی و هانەوسـوارا لـە ناوچـەی زەڵـم و ئەشـکەوتی (خان ئەحمەدخـان)دا تـا ئێسـتاش هـەروەک باقـەی سـوورە هەراڵـە چـۆن بۆنـی خۆشـی دەوانـە، دەنگـی (جەمیـل نەوسـوودی)ش وەک زەنگوڵـەی کاریلـە لەنـاو چـەم و دۆڵەکانـی هەورامانـدا دەزرنگێتـەوە، هـەروەک مەولـەوی فەرموویەتـی:

**چمان زڕەی زەنگ زەوارێ مەیۆ**

**خرنگەی قافڵەکەی وەهارێ مەیۆ**

جەمیـل نەوسـوودی هەمـوو هـەوا و سـەدا و ناڵـە و دەنگـی دەف و دەهـۆڵ بـۆ خـۆی بـە کاکـی شمشـاڵژەن دەڵێـت: ئـەر هـۆ لوولـەژەن، بە لوولـێ نەیجـە و پەروونـی، ئـاواز و ئـەرێ هـۆ و لـە هەنارێـوی دڵوەشـکەرە پەیمـا، بەڵکـوو خەمـێ منیـچ بـە ئـازادی بسـرەوا.

کێوەکانـی شـرام و داڵەهـۆ، هـەوارە بـەرزە و داڵانـی، ژینگەپارێـزی کانگـەی وەدیهاتنـی ئـاوی سـارد و بەفـراوی حـەوزەلارە و هانـە و وڕا، ئەمانـە هەموویـان سروشـتی دەنگـی هونەرمەنـدی لـێ پەیـدا دەبێـت.

هونەرمەنـد جەمیـل نەوسـوودی-یـش هـەر لـەو کێوانـەوە بـە دەنگـی بلوێـر ئاوێـزان بـووە، ئـەو بـە زۆر خـۆی نەکـردووە بـە هونەرمەنـد، بەڵکـوو سروشـت و دیمەنـی ڕەنگینـی هەورامـان، ئـەو دەنگە زێڕینـەی پـەروەردە کـردووە و هێناویەتییـە بەرهـەم.

هەرکەسـێک دەنگـی ئـەم هونەرمەندەی بیسـتبێت، زۆر بـە جۆشوخرۆشـەوە شـەیدای بـووە، بـە تایبەتـی سیاچەومانەی «ڕەفیـق ئـای» کە لەگـەڵ (لالـۆ عوسـمان کەیمنەیـی) پێکـەوە چڕیویانـە، ئـەو ئـاوازە بووەتـە هەوێنـی سیاوچەمانەکانی تـری ئـەم هونەرمەنـدە.

دیـارە هەمـوو هونەرمەندێـک، یـان گۆرانیواچێـک سیاوچەمانەچڕ نییـە، بـەڵام هەموو سیاوچەمانەچڕێک هەم گۆرانیواچە و لە هەمان کاتدا سیاوچەمانەچڕیشـە. بەڵگـەکان، یـان ئـاوازە بەرزەچڕەکانـی سـیاوچەمانە، وێنـەی نوێـی لـە ئاوازەکانـدا بـە شـێوەی ئاسـۆیی، زیاتـر بـە شیعری گاتاکان نـوێ دەبنـەوە. هونەرمەندی وریـا و بـە هـۆش و سـەلیقە، هەمیشـە بـۆ پێشـەوە هەنـگاو دەنێـت و بـۆ دواوە ناگەڕێتـەوە، واتـە ڕۆژ بـەڕۆژ تـەڵان بـە تـەڵان باخچـەی سـیاچەمانەکان بـە شـیعری شـاعیران و بـە دوو بەیتیـی فۆلکلـۆری ڕەسـەن، باخچـەی ئـەو ئاوازانـە دەڕازێنێتـەوە.

ئـەم مامۆسـتایە، ئـەم هونەرمەنـدە، ئـەم ئاوازدانـەرە، چـۆن ئاشـنای ئـەو هەمـوو شـیعرە بـوو؟ چـۆن لەبـەری کـردوون؟ بـە ڕاسـتی مـن بـە هەمـوو کارەکانـی سەرسـام بـووم، هـەم وەک قوڕگـی

زێڕینی، هەم وەک ئاوازی سیاوچەمانەی شیرینی.
بۆ یەکەم جار لە ڕێی (ئاوازی خۆرشیدخان) لە تەوێڵە، ئاشنای دەنگی ئەم کەڵە هونەرمەندە بووم، ئەم هونەرمەندە زۆر بە شێوازێکی جوان و بێ ماندووبوون بە ڕیتمی پەنجە ئاوازەکەی دەچڕییەوە، ئەو ساتە دوو شتم زۆر لەلا گرنگ بوو، بە واتایەکی تر بڵێم سەرنجڕاکێش بوو، لە ماوەی چرکەیەکدا دەیان جار خورشیدخان ـی دووبارە دەکردەوە، هەروەها لە ماوەی ئەو ساتەدا تەکنیکی ئاوازەکە، هەم ڕیتم و هەم ئەدای ئاوازەکە ئاوێزانی نۆتەی موزیک بوون، ئەوەیش بەڵگەی زیندوویی هونەری جەمیل نەوسوودی بوو.

**خەزێنەی گۆرانییەکانی جەمیل نەوسوودی**

ئەگەر تەماشای گۆرانیی دەڤەری هەورامان بکەین، ئێمەی خەڵکی هەورامان بە چاوی هونەرمەندانە سەرنجی گۆرانییەکانیان دەدەین، کە ویست و هەست و سۆزی خۆیان لەو شیعرانەدا درکاندووە، باسی خۆشی و ناخۆشیی خۆیان، لە قاڵبی شیعرەکان دەربڕیوە، ئەو شیعرانەیان کردووە بە ئاواز و داویانە بە گوێی گوێگرانی خۆیاندا.

بۆ نموونە: ئەم هونەرمەندە بێجگە لە ئاوازی بەرزەچڕ، لە ئاوازی (خاو)یشدا زۆر سەرکەوتوو بووە، لە مێژووی هەورامان، بەرگی یەکەم، لە لاپەڕە ١٥٠دا ئاماژە بەوە کراوە «گۆرانیی ئیشکردن لە سەرەتادا لە وشە و موزیکدا لە یەک جیانەبوون، هەندێک جار فەرمان و داواکردنی دەردەخست، پاشان کەوتنە بیر و ئاڵۆزی گرانتر، ئەمەیش ئەو ئاوازە خاوەیە کە لالۆ عوسمان کەیمنەیی و لالۆ جەمیل نەوسوودی بە دووقۆڵی چڕیویانە:

**خاڵۆ خاڵۆتەن کەم واچە خاڵۆ**
**خاڵۆ دەم وەبان خاڵانت ماڵۆ**
**هۆ خاڵۆی ڕێبوار کۆڵ بە کۆڵەوە**
**یادگاریی قەدیم پەیما گێڵنەوە**
**هۆ خاڵۆی ڕێبوار تۆ کۆسەی هەجیج**
**جار جارێ واچە بەستەکەی مەنیج**
**هۆ خاڵۆی ڕێبوار پا ئاتەشگاوە**
**ئاوازێ واچە بە کاوە کاوە**
**هۆ لالۆی ڕێبوار تۆ گڕی نەورۆزان**
**فەسڵی یار وەشا یان خەڵوەت وەزان**
**لالۆ هۆ لالۆ قەسەم بە ڕوجیار**
**سۆسەن بەر ئامان جە کۆگای نسار**
**هۆ خاڵۆی ڕێبوار قەدیم دێرزەمان**
**ئانا بەر ئاما ڕۆجبار بەربەیان.**

شارەزایان بەرگی ڕەسەنی ئاواز و گۆرانی، لە کارەکانی هونەرمەند جەمیل نەوسوودی بە عەیاری زێڕ دادەنێن، زۆر جار خۆی بە تەنیا توانیویەتی لە دڵ و دەرووندا زۆر بە جوانی جێگەی هونەرەکەی بۆ فەراهەم بکرێ. دەوڵەمەندیی گۆرانییەکان، بەهرەی زۆری ئەم گۆرانیواچەیان بەشێوەیەکی بەرفراوان و جوان دەرخستووە، هەرچەندە ئەم هونەرمەندە لە هەرمانی هونەرەکەیدا زۆر بەهرەمەند بوو، چونکە توانیویەتی چەمکە فۆلکلۆرییەکان وەک خۆیان و بەبێ دەستکاریکردنی بەیتەکان بهێڵێتەوە، ئەمەش نیشانە و کارامەیی ئەم هونەرمەندە دیاری دەکات کە شوناسە لە پاراستنی تێکستی فۆلکلۆریدا، ئەو لەم بوارەدا شۆڕەسواری هەورامان بووە، لەگەڵ گۆرانیبێژەکاندا بە تایبەتی هونەرمەندی دەنگخۆش (حەمەحسێن کەیمنەیی و عوسمان کەیمنەیی) ناوی دێ.